# کچەکەی ئەتاتورک لە دەرسیم دوا گوللەی بە کوردەوە نا

**کاوە ئەمین**

یەکێک لەو شانازیانەی کە تورکەکان بە ئەتاتورکییەوە دەکەن ئەوەیە کە لەسەر لاشەی مەیتەکەی ئەورووپا "واتە دەوڵەتەی عوسمانی" تورکیایەکی مۆدێرن و عیلمانی و ئەورپاییانەی دامەزراندن. بەڵێ، ئەو شارستانییەی کە تورک شانازایی پێوە دەکەن، لەسەر ئێسک و پلسوکی کورد دامەزرا. بابزانین "ژنە ئازادەکانی" ئەتاتورک لە کام خوێندنگا و لەسەر کام بنەمای مرۆڤانە بۆ یەکسانی خەباتیان کردووە.



سەبیهە گۆکچین، یەکێک لەو کچانە بووە کە ئەتاتورک سەرپەرشتی کردوون و کردونی بە کچی خۆی.

سەبیحە گۆکچین لە ساڵی 1982، لە تەمەنی 69 ساڵیدا بیرەوەریەکانی خۆی بلاوکردۆتەوە و لە ساڵی 2001 دا مردووە.

دیارە ئەوەی کە من لێرەدا دەمەێت باسی بکەم، ئەوەیە کە چۆن سەبیحە گوایە کە یەکەمین ژنی فرۆکەوانی سەربازیی بووە لە دنیادا، لە ساڵی 1937 دا دەچێتە سەر شۆڕشگێڕانی کورد لە دەرسیم و بۆردومانیان دەکات. بۆیە خراپ نییە ئەگەر کەمێک لەسەر ژیانی باس بکەین، بابازانین لە منداڵێکی بێ سەرپەرشتەوە چۆن دەبێتە دڕندەیەک و لە ژێر ناوی پاراستنی دایکی نیشتیمان و ئەتاتورکدا، پلە بە پلە بە پەیژەکانی دەسەڵاتی سەربازیدا هەڵدەگەڕێت.




ساڵی 1925 ، ئەتاتورک سەردانی بورسا دەکات و بە ڕێکەوت ئەو ماڵەی کە لێی دەمێنێتەوە دراوسێی ماڵی سەبیحە دەبن کە تەمەنی تەنها دوانزە ساڵ دەبێت. ڕۆژێک وەکو منداڵێکی زۆرزان، خۆی هەڵدەداتە حەوشەی دراوسێکەیانەوە کە ئەتاتورکی لێیە، پاسەوناکانی ئەتاتورک دەنگی دەدەن و لێی دکەنە هەرا، ئەویش دەڵێت دەمەوێت (غازی پاشا) ببینم و دەستەکانی ڕامووسم، ئیتر لە کۆتایدا ئەتاتورک بانگی دەکات و ئەویش دەستی ماچ دەکا و باسی خۆیانی بۆ دەکات، ئەتاتورک، پێی دەڵێت دەتەوێت ببیتە کچی من و لەگەڵم بێیت بۆ ئەنکارا. سەبیحە ئەوە وەک موعجیزەیەک دەبینێت و یەکسەر وەڵامی بەڵێ دەداتەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە دەبێتە بە " کچی ئەتاتورک". سەبیحە چەندین قۆناخی خوێندن دەبڕێت، پاشان نەخۆش دەکەوێت، ئەتاتورک دەینێرێت بۆ پاریس، بەڵام سەبیحە بە قسەی خۆی ئاگری خۆشەویستی نیشتیمان وای لێدەکات ئەو پاریسەی کە لەلایە زۆرێکەوە بە بەهەشتی سەر زەوی ناودەبرێت، بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە بۆ لای ئەتاتورک.

لە ڕاستیدا لە ساڵی 1935 دا، مستەفا کەمال(ئەتاتورک) بریار دەدات کە یاسای سۆیادی (پاشناو) دابنرێت بە مەبەستی ئەوەی کە هەموو کەس دەبێت پاشناوێکی هەبێت، ئەوە بوو بۆ خۆی نازناوی ئەتاتورکی پێدرا واتە باوکی تورکان. هەر ئەو کاتە ئەتاتورک بۆ خۆی پاشناوی گۆکچین بۆ سەبیحە دادەنێت کە بەمانای " نزیکایەتی لە ئاسمان " دێت. هەمان ساڵ سەبیحە دەچێت پەیمانگای سەربازی فرۆکەوانی دەخوێتنێت، ساڵی 1937 بە قسەی ئەتاتورک دەبێتە یەکەمین ژنە فرۆکەوان لە جیهاندا.

ساڵی 1937 ، لە باکوری کوردستان شۆڕشێک هەڵگیرسا بە سەرکردایەتی سەید ڕەزای دەرسیمیی، کە ئەوە دوا شەڕی چەکداری کورد بوو لە باکوور،تا ساڵی 1984 هیچ جموجوڵێکی چەکداریانە سەری هەڵنەدا لە باکوور.
ئەتاتورک بڕیاری لەڕەگ و ڕیشەهەڵکێشانی کوردی دابوو. بە تایبەتی شۆڕشی دەرسیم ترسی خستبووە دڵی ئەتاتورکەوە بۆ یە هەر لە سەرەتای ساڵی 1937 وە دەستیان بە هێرشێکی بەربڵاو کرد بۆ سەر شۆڕشگێڕان. وەک دەزانرێت دەڤەری دەرسیم،یەکێکە لەو دەڤەرانەی کە بە درێژای دوو سەد ساڵە نەتوانراوە نە لەلایەن عوسمانییەکان و نە دەوڵەتی نوێی تورکیا بەتەواوەتی دەستی بەسەرادا بگیرێت و هەمیشە لە شۆڕشدا بوون. تەنانەت کاتێک عەبدوللە ئۆجەلان لە ساڵی 1999دا،بە پێی ئەو پلانی ئاشتییەی کە دای بە تورکیا،داوای کرد کە هێزە چەکداریەکانی پکک لە باکوور بکشێنەوە،تەنها ولایەتێک کە سەرپێچی کرد دەرسیم بوو، ئەگەرچی ئەوان هەر لە نێو پککدا مانەوە.

ڕۆژێک کە سەبیحە سەردانی قوتابخانەی بەرزی فرۆکەوانی دەکات، لە ساڵی 1937 دا،هەست دەکات شتێک بە ڕێگاوەیە و هاوپیشەکانی شادیان پێوە دیارە. پرسیار دەکات بەڵام وەڵامێکی وای دەستگیر نابێت. پاشان کە بۆنی ئەوە دەکات هێرشێکی سەربازی لە ڕۆژەکانی داهاتوودا بە ڕێگاوەیە،خۆبەخشانە خۆی ناونووس دەکات لای بەرپرسەکەی،بەڵام کێ دەتوانێت "کچی" ئەتاتورک ڕەوانەی شەڕ بکات بەبێ ئیزنی باوکی،بۆیە سەبیحە بە فرۆکەیەکی تایبەتی دەچێت بۆ ئەنکار و داوا لە ئەتاتورک دەکات کە ڕێگای بدات بەشدرای لە شەڕی پاراستنی دایکی نیشتیماندا بکات. ئەتاتورک بۆ هاوڕێکانی ڕووندەکاتەوە کە " ئەمە کارە بۆ ئەو کچە تورکە وەک ئەرکێکە. دەبێت گۆکچین بەیانی زوو لە هێرشەکە بۆ سەر دەرسیم بەشداری بکات،ئەو ئیتر کچێکی گەنج نییە بەڵکو سەربازێکی لاوە...ئەو بۆ حاڵەتی لەم بابەتە ڕاهێنانی کردووە،هەربۆیە بەیانی زوو بەرەو دەرسیم دەڕاوات".

ڕۆژی دوایی سەبیحە بەرەو دەرسیم دەکەوێتە ڕێ و تا لە ماوەی ئەو ئەو مانگەدا کە هێرشەکە بۆ سەر سەید ڕەزا و هاوڕێکانی بەردەوام دەبێت،بەشداری بکات و بە سەر هەرێمی دەرسیمدا،بۆمب ببارێنێ.
ئەتاتورک کە بە مامۆستای نوێکردنەوە دادەنرێت لەلایەن تورکەکان و ڕۆژئاواوە،مەترسی ئەوە دەکات کە فرۆکەی کچەکەی بکەوێتە خوارەوە و لەلایەن شۆڕشگێڕانی کوردەوە دەستگیر بکرێت،ئیتر بەو شێوەیە هەم ئابڕووی تورکیا و هەمیش ئابڕووی کچەکەی دەچێت،واتە شەرەفی خۆی لە نێوگەڵی کچەکەیدا دەبینێتەوە. ئەتاتورک دەمانچەکەی خۆی دەداتێ و داوای لێدەکات کە ئەگەر فرۆکەکەی کەوتە خوارەوە ئەوا دەبێت لە بەکارهێانی ئەو دەمانچەیە هەم بۆ کوشتنی دوژمن یان خۆی، سڵ نەکاتەوە، ئەویش لە پێناوی پاراستنی شەرەفی خۆیدا. بەڵام سەبیحە بە سەرکەوتووی دەگەڕێتەوە. دوای بۆردومانەکە،ئەتاتورک لە خۆشیان شاگەشکە دەبێت بەم شێوەیە پەسندی کچەکەی دەدات و دەڵێت:" من شانازیت پێوە دەکەم! گەلی تورک کە بە دیقەتەوە چاودێری ڕەوشەکەیان دەکرد،شانازیت پێوە دەکەن.

تۆ دەبێت شانازی بە خۆتەوە بکەیت،چونکە تۆ نیشانت دا کە ژنە گەنجەکانی ئێمە دەتوانن چی بکەن. ئێمە نەتەوەیەکی سەربازین. ژن و پیاو لە هەموو تەمەنەکاندا،وەکو سەرباز لە دایک بووین". چەند هەفتەیەکی پێچوو تا ڕاگەیاندنی تورک و جیهانی باسی سەبیحە گۆکچینیان کرد و دەیان مەدالیایی لە پای ئەو کارە تیرۆریستیانەی کە لە دەرسیم کردی وەرگرت.

جار جار باسی ئەوە دەکرێت کە سەبیحە"دوای بۆمبی خۆی ناوە بە کوردەکانەوە، کە بووە هۆی تێکشکانی شۆڕشەکە". بەڵێ، ئەوە دیاری مۆدێرنیزەکردنی تورکیا بوو،بۆ کورد،کە تورکەکان تا ئێستاش شانازی

پێوە دەکەن، هەر لەو سەردەمەدا چەند ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی نووسیبویان کە ژنی تورک پەچە و چارشێوی فڕێ داوە و کڵاوی سەربازیان لە سەر کردووە،پەسندیان داوە،شۆشی کوردیشیان وەکو بەردەوامی فیودالیزم هەڵسەنگاندووە.

ئەم وتارەی کە بۆ ئەم زانیاریانە کەڵکم لێوەرگرتووە،وتارێکی دوورودرێژە،تیشکی خستۆتە سەر زۆر بابەت، هەوڵ دەدەم وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لە داهاتوودا بیکەمە کوردی و قسەی لەسەر بکەم.

سەرچاوە: گۆڤاری ئورد ئۆک بیلدو 2003

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی مێدیاشدا، بڵاوکراوەتەوە.